کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 19:13 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# کێشانە، بە پێنج ... سەمەدی مەلا ئەحمەد

لەو وڵاتەی ئێمەدا و لە سەردەم و کاتەکاندا، کێشان و پێوانی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە.
ئەوەی جێگای وردبوونەوە و لێکدانەوە و توێژینەوەیە، پێوانەی ئینسانە. پێوانە و کێشانی هەڵوێست و ڕەفتاری ئینسانەکانی ژیاوی ئەو سەردەمانەیە.
لەبەرئەوەی سەردەمێکی دوورودرێژە ئەم میللەتە لە خەباتێکی بێوچاندا بووە لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادی و چەسپاندنی مافەکانی، بۆیە پێوانە و کێشان هەمیشە بۆ ئینسانەکان ورەوری کەسایەتی بووە. کێ بەهەڵوێست بووە، کێ خۆی نەدۆراندووە، کێ ئەمبەر و ئەوبەری نەکردووە. کێ هەردەم ئامادەباش بووە لە خزمەت بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەیدا قوربانی بدات.
سەبارەت بە قوربانی، گەورەترینی لەلای ئێمە، قوربانی دانە بەگیان. واتە کەسێک نەک ماڵ و حاڵ بەڵکو ژیانی بکاتە بەساقەی نیشتمانی.
لە ڕێگای سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێوی ڕزگاری گەلدا، خەڵکانێک هەردەم سەرگەردان و دەربەدەربوون،
خەڵکانێکی بێ پشوو هەردەم پەرەوازەی ژێرزەمین و شاخ و وڵاتان بوون، خەڵکانێک لەشیان خۆشەی ئەشکەنجە و لێدان و سوکایەتی پێکردنی ژوورەکانی ئەمن و گرتووخانەکان بوون. خەڵکانێک ماڵیان جێگای حەوانەوە و داڵدەدانی پێشمەرگە بوو، هەموو کاتێک مۆتەکەی گرتن و کوشتنیان لەسەربوو. کێ ئەو ژنانەی بیرە کە تەتەر ئاسا ڕاسپاردەکانیان لە مەمکدان و پزودا ئەم ماڵ و ئەو ماڵ دەکرد. چەکەکانیان لە ژێر عەباکانیانەوە، بە بەردەم سەربازەکاندا دەگواستەوە. مەنجەڵە خواردنیان بەناو خاڵی پشکنینەکاندا دەردەکرد و دەیانگەیاندە پێشمەرگەکان.
ئەمانە و نموونەی دی، هیچیان لە پێوانەی قوربانیدا ناگەنە ئاستی پێی ئەوانەی گیانی خۆیان کردە قوربانی. قوربانی بۆ بەدیهێنانی دوارۆژێکی ڕوون و ئازاد بۆ نەتەوەکەی.
بۆ ئەمانە و ڕێزلێنان لێیان، هەردەم لە شێوەی جیاوازدا خۆی بینیوەتەوە. لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا بۆتە خویەکی هەمیشەیی کە بە دەقیقەیەک ماتەمینی وەستان بۆ شەهیدان دەستپێدەکات.
ساڵرۆژیشی شەهیدانیش بۆتە ترادیسونێکی سەیر! کاتێک بارودۆخی سیاسی وڵاتەکە ڕوو لە خراپی بکات و وەزعەکە بۆنی شەری لێبێت، ئەوا ساڵرۆژەکان دەبنە گەورە هەواڵی ڕووی مێدیا حیزبیەکان، پۆستەرەکان دارئەلەتریک و دیوار و جامخانەکان دەگرن، تەنانەت جامی پێش و پشتی پاس و ئۆتۆمۆبیلەکانیشی پێ سواخ دەدەن. دیمەنێکی زۆر ناشرین بە شارەکە دەدەن، بەتایبەتی کە بارانێک وێنەکان دەخوسێنێتەوە و بە دڕاوی و لەتوپەتی ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە.
ئەم شێوەیە، واتە یادکردنەوەی شەهیدان، خەریەکە بەهۆی باری سیاسی ئێستاوە، وردە وردە ڕوو لە کزی بکات. مەگەر شەهید پاڵپشتی باشی هەبێت، یان بە مەبەستێکی تایەبەت ناوی بهێنرێتەوە ناو ناوان. زۆر هەن کە شەهیدیش نەبوون، بەڵکو ڕۆژیان تەواوبووە و دوا ماڵئاواییان کردووە بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکیان هەیە و دەسەڵاتدارانی حیزبی مەبەستیانە، هەموو ساڵێک بە زیادەوە یادیاندەکرێتەوە.
دەنا زۆربەی زۆری شەهیدان ناویان لە لاپەرەی بیرچوونەوەدا نووسراون.
کە نەتەوەم گەیشتە دوامەبەستی
هەرکەس نامەی کردار درایە دەستی


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

ئای کێ بێت هاوار و پەیام، بگەیەنەتە گۆڕەکەی دیلان و پێی بڵێ ئەوا ئەو ڕۆژەی تۆ ئاواتتبوو، هاتەدی. لە فوارەی خوێنی شەهیدان داری دوامەبەستی نەتەوەت هاتەبەر و پتر لە پانزە ساڵە کورد حاکمی خۆیەتی.

ئەو ڕۆژە هات کە دایکوباوک، خوشکوبرا و منداڵانی شەهیدان چاوی ئاواتیان تێبریبوو. چاوەڕوانبوون ئەو ڕۆژە بێت نامەی کرداریان بدرێتەدەست.

بەڵام نا، توخوا با دیلانی خەمخۆر و هیواخواست لە خەوی هەمیشەیی ڕانەچڵەکێ و ئەو سەرەی ناویەتەوە با هەڵینەبرێت، با چۆن بەو ئاواتەوە سەری نایەوە، هەر سەربنێتەوە و بێهوا نەبێت، چونکە دنیا هێشتا سەیرە و سەیر قەوماوە.

ئەمڕۆ پاشماوەی شەهیدان، ئەگەر پشتوپەنایەکیان هەبێت و کەسانێکی دەسەڵاتدار ئاوڕیان لێبداتەوە، پارچە زەویەک یان شەهیدانەیەکی مانگانەیان بۆ بڕراوەتەوە. دەنا زۆرن ئەو ماڵە شەهید و ئانفالکراوانەی بە کولەمەرگی ژیان دەبەنەسەر. لە بەرانبەر ئەمانەدا کۆمەڵێکی زۆر لەوانەی قوتاربوون، لەوانەی بەرگی خەباتیان چرچ نەبووە، لەوانەی دەربازبوون و هەڵهاتن و گەرانەوە ئەمڕۆ بوونەتە خاوەنی سەروەت و سامانێکی لە ژماردن نەهاتوو! بەمە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێوانە و کێشانی کار و هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی خەڵکی بە شێوەیەکی هەڵە دەپێورێت و دەکێشرێت. بەمانایەکی دی نارەوایە، کەسێک گیانی خۆی بەختبکردبێت (کە بەرزترین ئاستی قوربانیدانە) ئەمڕۆ بە پارچەیەک زەوی یان شەهیدانەیەکی کەم پاداشتی بدرێتەوە، کەچی ئەوانەی وەک بەرزەکی بانان بۆیدەرچوون لە دۆلارئاوا و فیرعەون ئاوا کۆشکوتەلار هەڵکشێنن بەرەو ئاسمان.

بڵێن دیلان ڕاستت فەرموو:

ئێجگار سەیرە هەروەک ترازو وایە

هەڵسەنگاندن لەلای ئائەم دونیایە

دنیا سەیرە، سەیر شێواوە بۆ کێشان

قورس بۆ زەوی و سوکە ئەچێ بۆ ئاسمان

لەمەش سەیرتر و سەرسوڕهێنەرتر. لەمەش نارەوا و نارەسەنتر: بەراوردکردنی وەچەی شەهیدان و وەچەی قوتاربووەکان. وێنەکەی سەرەوە بەسەر ئەمانیشدا چەسپاوە

هەرچی وەچەی قوتاربووەکانە، بەپێچەوانەی وەچەی شەهیدان، کوڕوکچی بەرپرسەکان بەپێچەوانەی کوڕوکچی شەهیدەکان، خاوەنی ئیمتیازات و دەسەڵاتی گەورەن و وا دەستەیەکی بەرپرسەڵۆکە دروستدەکەن. ئەوانی بچوکن و وەک گەورەکانی خۆیان ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن. نمونەکان زۆرن. هەر لە قوبوڵ خاسەکانەوە، شایی و سەفاهەتەکانیانەوە، گەشت و ڕابواردنەکانیانەوە، لە سەرفکردن و پەرش و پەخشکردنی پارە و سەرمایەیەکی زۆر تا دەگاتە دەسەڵاتەکانیان. ژمارەشیان تادێت لە زیادبووندان، قارچک ئاسا لەپڕ هەڵدەتۆقن. زۆریان بوونەتە جێگای نارەحەتی و وەرزکردنی دەوروپشتەکانیان، ئەمانە، زۆر جار، بوونەتە خاوەن بڕیار و دەسەڵاتی لێپرسینەوەی لابەلای خەڵکی. بەبێ ئەوەی بتوانرێت هیچ لێپرسینەوەیەک بەرانبەریان بکرێت.

ئەوەی بەدیدەکرێت هەر لە ئێستاوە، هەندێک لەمانە، بەرنامەی وردیان بۆ دانراوە و جێگایان بۆ خۆشکراوە و لە پەناوە هێدی هێدی بەرپرسی وەردەگرن و لە سوچی کامێرای مێدیاکانەوە دەردەخرێن و پێمان دەناسێنن.

تا سبەی بوار بۆ کەس نەهێڵرێتەوە پرسیار بکات ئەمانە لەکوێوە هەڵتۆقین؟ کەس نەتوانێت بپرسێت بە کامە کێشانە و پێوانە ئەمانە هاتن و جێگای باشی شانۆی سیاسیان پێدرا؟



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

ئەمرۆ کێشانە و پێوانەکان جۆرێکی دین. هەروەک دەڵێن هیچ شتێک لە شوێن خۆی نەماوە.
ئەمە دوو شتی سەیری هێناوەتەوە بیرم:
کورێک هەبوو، کورێکی گەنج، لە سلێمانی بە سنوقێکی تەختەوە لەبەر چلی سینەماکاندا دەوەستا و هاواریدەکرد " قوەتی خۆت تاقیکەرەوە بە دەفلس". واتە هێزی دەستی خەڵکی دەپێوا. سنوقەکەی دەستکێکی ئاسنی هەبوو، کە راتبکێشایە، میلی ئامێری هێزپێوەری ناو سنوقەکە دەکەوتە جوڵە و بە حساب هێزی دەستی بۆ دەپێوایت. بەڵام زەمبەلەکی ئەو ئامێرە هێندە ژەنگاوی بوو بە کەم کەس دەجولا. کورەکە لە سەر پێوەرەکە و لە ئاستێکدا، بە فلچە، هێڵێکی سوری کێشابوو بەحساب ئەوەی میلی پێوەرەکە بگەیەنێتە ئەو هێڵە، پارەی لێوەرنەدەگرت و کەسەکە بۆی هەبوو جارێکی دی رایکێشیتەوە. هەڵبەت زۆربەی ئەوانەی لە چلی سینەماکان دەهاتنە دەرەوە بۆ خۆیان لە پەلوپۆکەوتبوون و هەرچی هێز هەبێت، لە دوای فلیم، پێیان نەمابوو بۆیە نەک بەدەستێک بەڵکو بەهەردوو دەستیش میلی پێوەرەکەیان بۆ نەدەبزوێنرا، پێوانەی هێزی دەست لای ئەو کورە بەو جۆرەبوو.
کابرایەکی بەتەمەن، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو، لە سلێمانی، بە ئامێرێکی کێش پێوەرەوە دەگەرا. ئامێرێکی ژەنگاوی، چەندین جار لەحیمکراو. شوشەی سەر سەعاتی ئەنجام نیشاندەرەکەی لە دەیان لاوە درزیبردبوو.
هەمیشە هاواریدەکرد "کێشانە بە پێنج فلس"

samadkader@hotmail. com
دیسو


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.